رێگای کوردستان

دووشەممە 15ی نیسان (ئەپریل)ی 2002 ژمارە (498) ساڵی (57)

# بەهارێك بۆ گەنج.. بەهارێك بۆ دەسەڵات

زیرەك عەبدوڵڵا

**(ئەی خودایە.. لێرە کەس بەهار ناناسێت.. ئیدی چۆن داوای بەهار بکەین)**

ئەو وەرزەی لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی بە تامەزرۆو حەزێکی زۆرەوە چاوەڕێی هاتنی دەکاتو دەخوازێت بە پەلەو هەرچی ساتێك زووتر بیگاتێو ئاوێزان و دەستلەملانی بێت، ئەو وەرزەی لە هەنوکەدا کۆمەڵگای کوردی خواستی بەرەو رووچوون و پێشوازی لێکردنی هەیەو گەرەکیەتی زیاتر لە نێویدا گوزەران بکاتو ژیان بەسەر ببات... وەرزی بەهارە، بەهار بە هەموو ئەو سیفاتو تایبەتمەندیو جیاکەرەوانەی کە هەیەتی. بەڵام بۆچی بوونو ئامادەیی بەهار بۆ کۆمەڵگا یان باشتر بڵێین بەهارخوازی کۆمەڵگا لە ئێستادا زەرورەتێكو پێداویستییەکی حەتمییە؟

دیارە گرنگی بوونی بەهارو حەز کردن بە هاتنی لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ هۆکار گەلێكو مەبەست گەلێکی جیاجیا دەگەڕێتەوە کە بەر چاوترینیان بریتییە لە کاریگەری وێنەی بەهار بەسەر خەیاڵو هزری کۆمەڵگا لە رێگای ئەو شوێنگەو جێکەوتە خەیاڵییەی کە خۆی لە نێو نەخشەی زەینی تاکدا نەخشاندووەو وێنەی جوانو رەنگاو رەنگو سەرنج راکێش و ئەفسوناوی بۆ خۆی وەرگرتووە یان چاپکردووە.

خاڵێکی دیکەی بەهارخوازی کۆمەڵگا بۆ کاریگەری خودی بەهار بەسەر واقیعی ژیان کردن دەگەڕێتەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هەنوکەییانەی لەگەڵ خۆیدا داسەپێنەرانە دەیهێنێتو فەرزی دەکات، چونکە هاتنی بەهار (وەکو وەرزێك) بۆ خۆی وەرچەرخانێکە لە زەمەن.. گۆڕینی کەشوهەوایە.. هۆکارێکە بۆ کۆتایی هێنانو رزگار بوون لە ساردیو وشکی زستان (بە هەموو ئافاتو ناخۆشییەکانیەوە).. سەرەتاییەکە بۆ ئازاد بوونێکی ساتیو رێژەیی مرۆڤەکان لە نێو چوارچێوەو قاڵبی ئەو زیندانە بچوكوماڵیانەی کە بەهۆی ساردیو وشکی زەمەنی پێش بەهارەوە بەسەریاندا فەرز کراوە.

دیسان بەشێکی زەروورەتی هاتنی بەهار بۆ کۆمەڵگا بۆ چۆنییەتیو چیەتی سروشتو ژینگەی ئەو شوێنو پانتاییە جوگرافییە ژیارییە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگا پێوەی پەیوەستەو گوزەرانی تیا دەکات، چونکە سروشتی ئەم ناوچە جوگرافییە ژیارییە لە وەرزەکانیشدا کەشوهەواو ژینگەیەکی نا تەندروستو کوشندەو تاقەت پڕوکێنیان هەیە، کەچی بە پێچەوانەوە لە بەهاردا زیاتر دەرازێتەوەو جوانو رەنگاو رەنگ دەبێتو لەگەڵیشیدا کەشوهەوایەکی فێنكو خۆشو ژینگەیەکی لەبارو تەندروست دەبێت.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریو پیشەسازی نییە، کۆمەڵگایەك نییە لە هەناویدا پڕبێت لە کۆمپانیاو پێکهاتە جۆراو جۆرە مۆدێرنەکان... تا وەکو لە رێگایانەوە تەواوی ئەم ئامێرو کەرەستەو کەلوپەلە تەکنولۆژییانە دروست بکات کە دەتوانێت لە سیفاتو خەسڵەتی وەرزە کوشندەو نا تەندروستە زیان گەیەنەرەکانی بۆ بگۆڕێت یان کاریگەریو ناخۆشیان کەم بکاتەوەو بەرگرییان لێ بکاتو لە بەرامبەریشدا کەشێکی خۆشو لەباری دەستکرد بۆ مرۆڤەکان بسازێنێت، بۆیە هانا بۆ بووە خواکردەکانی لە چەشنی بەهار دەبات تا وەکو بە هۆیەوە بچێتە نێو ئەو دونیا تەندروستو لەبارەی کەوا بەستەی تێرکردنی خواستو ویستەکانییەتی، بەمەش خاڵێکی بەهارخوازی کۆمەڵگا ئەوەیە سروشتییانەو بەبێ دەستکاری کردنی مرۆڤ سیمایەكو روخسارێکی جوانو فرە رەنگو ژینگەیەکی سافو پاكو تەندروست بە تەواوی ژیانی کۆمەڵگا دەبەخشێت. بە هەموو ئەمانەی سەرەوەو چەندێکی تریش بەهار چەنسی خۆشویستنو حەز کردن بە هاتنی دەکرێت لە لایەن کۆمەڵگاوە.

لە راستیدا ئەوەی ئێمە لە دووتوێی ئەم نووسینەدا مەبەستمانە قسەی لێوە بکەین چۆنیەتی گرنگی بەهارو حەزکردن بە هاتنی لە لایەن کۆمەڵگاوە نییە، بەڵکو چۆنیەتی گرنگی بەهارو حەزکردن بە هاتنییەتی لە لایەن هەردووانەی (دەسەڵاتی سیاسی/ گەنج)، واتا ئێمە گەرەکمانە لە بەهارخوازی هەر یەکێك لە (دەسەڵاتی سیاسی/ گەنج) بدوێینو تیایدا ئەوە روون بکەینەوە کە بۆچی تا ساتێك زووترە دەخوازن بەهار بێت؟ ئایا سوودی هاتنی بەهار بۆ هەر دووانەیان چییە؟ ئایا ئەو بەهار بینیو بەهارخوازییەی هەردوولا بەهار بینییە سروشتیو واقیعیو ئینسانیو ئەخلاقییە.. یان پێچەوانەکەی راستە؟

سەرەتا لە حەز کردنو پەلە کردنی هاتنی بەهار یان بە وێنەیەکی تر لە بەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسییەوە دێینە ئاخاوتنو دەڵێین بەهارخوازی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێستای زەمەندا بۆ زیاد لە هۆکارێكو زیاد لە مەبەستێكو زیاد لە پێداویستییەك دەگەڕێتەوەو دەکرێت بکرێتە دوو بەش، بەشێکیان دیارو بەرچاوەو لە واقیعی ژیان کردندا بە ئاشکراو راستەوخۆ ئیشی خۆی دەکاتو لەگەڵ بەهارخوازی سەرجەم کۆمەڵگادا یەك دەگرێتەوە، کەچی بەشەکەی تریان نادیارو پەنهانەو لە نێو واقیعدا تاکتیکیانە بە نهێنیو ناراستەوخۆ ئیشی خۆی دەکاتو لەگەڵ بەهارخوازی کۆمەڵگا یەك ناگرێتەوە، واتا بەشێکیان جووت جەمسەرییەو لە یەککاتدا بۆ هەر دووانەی (کۆمەڵگا/ دەسەڵات) جۆرێك لە سوودمەندی دەگەیەنێت بەتایبەتی لە گۆڕینی سروشتی ژینگەی وەرزەکان، کەچی بەشەکەی تریان هەر چەندە جووت جەمسەرییە وەلێ لە سوودمەندیدا ئەنانیەتێکی تیادایەو تەنها پەیوەستە بە لایەنێك (دەسەڵات)و سوودو قازانجی لەبەرچاو دەگرێت.

بەگشتی لە پشت بەهارخوازی دەسەڵاتدا دوو جۆرە پێداویستیو دوو جۆرە مامەڵە کردن هەیە، بەڵام بە دوو رووی جیاواز، رووێکیان دیارو ئەوی تر نادیار.. رووێکیان کەشفو ئەوی تر شاراوە.

ئێمە لێرەدا قسە لەسەر رووە دیارو بەرچاوەکەی بەهارخوازی دەسەڵات ناکەین چونکە لە لایەکدا مەبەستی وتارەکەمان نییەو لە لایەکی تریشدا ئەمە هیچ روونکردنەوەیەكو کەشف کردنی خواستو مەبەستە نادیارو پەنهانەکانی لێ ناکەوێتەوە بۆ ئەوەی بزانین لە پشتییەوە چی ئامادەیەو خۆی حەشار داوەو چیش هەڵیدەسوڕێنێتو ئیشی پێدەکات (کە خواستی سەرەکی وتارەکەمانە)، کەواتە رووە نادیارو دەمامك لە سەرەکەی بەهارخوازی دەسەڵات خاڵو تەوەری سەرەکی قسە لەسەر کردنی ئەو بەشەیە.

لە روانگەی منەوە ئەوەی لە پشت بەهارخوازی دەسەڵاتی رامیاریدا خۆی مەڵاس داوەو نادیارانە بۆتە تاکتیکەویستێکی هەنوکەیی زۆر گرنگو ئیشی بۆ دەکرێت دەرهێنانو راکێشانی یەکەی بچوکی تاكو پێکهاتەی خێزانە (بە قەبارە جیاجیاکانییەوە) یان بە وێنەیەکی تر پەلکێش کردنی بەشێکی بە ژمارە زۆری مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگایە بۆ دەشتاییو پانتاییە فراوانەکانی دەرەوەی بووە بە نێو شارەکان بۆ ئەوەی دواجار لە رێگای میدیاکانیەوە هەنگاو بۆ پراکتیزە کردنی ویستە نهێنو شاراوەکانی بهاوێژێت بەوەی وا ریکلام بکاتو پیشان بدات کە واقیعی ژیان کردنی ئەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی ئەو جوانو رەنگاو رەنگو ئاڵو واڵایە.. ئارامو هێمنو لەسەر خۆیە.. بێ کێشەو گیروگرفتە.. بێ ماڵوێرانیو قاتو قڕییە.. بێ خراپەکاریو بەد رەفتارییە.. بێ قورسو بار گرانییە، دەسەڵات دەیەوێت وا بڵاو بکاتەوە لە سایەی ئەودا مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا دڵخۆشو خۆشگوزەرانن.. ئازادو بە کەیفو شادن.. لەگەڵ خۆشیدا تەبان.. لەگەڵ جوانیو هەمەڕەنگیدا جووتن.. دەخێوێنە جەستەی شاییەوە، هەر بۆیە بەشێکی بە نمرە زۆر بۆ مەبەستی سەیرانکردن دەردەچنە دەرەوەی شارەکانو لەوێدا فرە رەنگیانەو فرە دەنگیانە ئاوێزانو تێکەڵاوی یەکتر دەبنو ئاهەنگ سازدەکەنو سەماو شاییو یاری.. دەکەن.

لێرەوە ئەگەر کەمێك وردبینانە سەیری پرسەکە بکەین دەبینین دەسەڵات لەمکارەیدا خواستی سەرەکی چەواشەکردنی راوبۆچوونو بینینی دەرەوەیە، بەوەی وای تێبگەیەنێت کە بە فیعلی ئەم چەند ساتەی دەرچوونە ئاوێنەی واقیعی ژیانکردنی بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو دەڤەرەی کوردستانە کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا گوزەران دەکەن، وای تێبگەیەنێت کە ئەم چەند ساتەی دەرچوونە گوزارشتێکە لە خۆشیە زنجیر ئاسا نەپساوەکانی زەمەن، کاردانەوەی شادمانیو بەختەوەرییە بەردەوامەکانە بە مەبەش دەیەوێت پەردەیەك بەسەر بەد رەفتاریو خەتاکارییەکانی نێو ژیاردا بداتو نەهێڵێت دزێوییەکانی سەردەم وەکو خۆی لەبەر چاوانی (دەرەوە) دەربکەوێتو پەخش بکرێتەوە.

لێرەدا پرسیارێکی هەڵوەستە پێکاری سەرنج راکێش دێتە پێشەوە کە دەکرێت بۆ خۆیو بەجیا بابەتی قسە لەسەرکردنی وتارێکی تر بێت لە رەهەندو دەلاقەی جیاوە بخوێندرێتەوە ئەویش بۆچی دەسەڵاتی کوردی هەوڵی ئەگەری هەڵخەڵەتاندنی بینینو تێفکرینو بەهەڵە بردنو چەواشەکردنی راو بۆچوونەکانی دەرەوە دەدات؟ ئەگەر گریمان ئەوە بکەین دەسەڵات لە راوبۆچوونو بڕیارەکانی دەرەوە دەترسێتو ئیعتباریان بۆ دادەنێت.. کواتە بۆچی لە راوبۆچوونو بڕیارەکانی ناوەوە ناترسێتو ئیعتباریان بۆ دانانێت؟ ئایا لە فکرو ئاوەزی دەسەڵاتدا ناوەوە ناتوانێت قسە لەسەر شتو دیاردەو پرسە جۆراو جۆرەکانی دنیای خۆی بکاتو نادیارەکانی بە ئەگەری کەشفکردنو گرێیەکانیش بە ئەگەری کردنەوەدا بیبات؟ دواجار ئایا دەسەڵات ناوەوە چۆن دەبینێتو بە چیشی تێدەگات؟

بە کورتی دەسەڵات لە بەهارخوازی خۆیدا گەرەکیەتی دوور لە راستی واقیع بە شکڵێکی ترو بە رەنگێکی ترو بەسەرو سیمایەکی تر پیشان بدات، بۆ ئەوەی دەرەوە قسەی خۆی لەسەر نەکاتو بڕیاری خۆیشی لەسەر نەدات، بەڵام ئەم ریکلام کردنو نیشاندانە.. ئەم پەخشکردنو گوزارشتکردنە مەوداکەی درێژ نابێتو تەمەنی کورت دەخایەنێت بە تایبەتی لەوەی کاتێك بووێکی تر (گەنج) ئەم بەهارە بۆ مەبەستی تر دەخوازێتو چاوەڕێی دەکاتو بە شێوازێکی تر هەڵیدەقۆزێتەوەو بەکاری دەهێنێت (کە ئەمەش بەشی دووەمی ئەم وتارەیە). باشترێکە گەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەستمان لە گەنج (لەم نووسینەدا) ئەو بووە روح لەبەرە بزوتنو زیندووەیە کە لە ژیانکردنیدا کەوتۆتە نێوان تەمەنێکی دیاریکراوەوە هەروەکو ئەوەی بەشێك لە ئەنترۆپۆلۆژستو سۆسیۆلۆژستو سایکۆلۆژستەکان پۆلێنو دیاریانکردووە. لەوەش زیاتر دەچینە خوارو پێدادەگرین مەبەستمان زیاتر رەگەزی نێرە نەوەکو مێ (ئەمەش بێ هۆکارو بێ مەبەست نییە).

ئەگەرچی هەندێك لە ئەنترۆپۆلۆژستو سۆسیۆلۆژستو سایکۆلۆژستەکان تەمەن بە بنەماو هۆکاری گەنجێتی مرۆڤ دادەنێنو وا تێدەگەن کە منداڵێتی.. گەنجێتی .. پیرێتی.. قۆناغەکانی تری مرۆڤ پێیاندا تێپەڕدەبێت لە رێگای تەمەنەوە دیاری دەکرێت، ئەوا بە بۆچوونی من ئەم تێڕوانینو پۆلێنکردنە ناراستو هەڵەیە، چونکە گەنجێتی مرۆڤ لە رێگای تەمەنیەوە نییە هێندەی لە رێگای چاوەکانییەوە، واتا مرۆڤ لە رێگەی تەمەنیەوە گوزارشت لە گەنجێتی خۆی ناکات، بەڵکو لە رێگەی چاوەکانیەوە گوزارشت لە گەنجێتی خۆی دەکاتو هەر لە رێگای ئەویشەوە دەیسەلمێنێت کە گەنجە، بەوەی هەردەم دنیاو پێکهاتەکانی نێوی بە جوانیو ناسکی شەفاف دەبینێتو بە عەقڵانیو مەنتیق بیر دەکاتەوەو هیومانیستانە دوور لە خۆپەرستی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکاتو لەگەڵیشدا پرسیاری هەڵوەستەهێنو گومانهێن لە دزێویو ناشیرینەکان.. سنوورە حەرامە دەستکردەکان.. دەرگایە تاپۆو قەدەغەکراوەکان.. پرسو گرێیە جیاجیاکانی دنیاکەی دەکاتو هەوڵ دەدات شتە سواوە چەند بارەکان، دیاردە قێزەونە نالۆژیکیەکان. عەقڵە چەق بەستوو دۆگماکان.. چاوە نابیناو کوێرەکان.. تا بە ئەگەری گۆڕانو نوێ بوونەوە دابباتو روحێکی تازەیان بە بەردا بکاتو وێنەیەکی تازەشیان پێببەخشێت.

بە کورتی گەنج ئەوەیە لە رێگای چاوەکانیەوە بە شتو دیاردە کۆنە تۆز لە سەر نیشتووەکانی زەمەنی پێش ئێستای رازینابێتو پرسیاری وورووژێنیان لە بارەوە دەکاتو هەوڵی گۆڕینیان دەدات، نەوەکو لە رێگای تەمەنەوە.. بە هەرحاڵ لە دەرەنجامی نزیکبوونەوەو گوێگرتنمان لە بەشێکی زۆری ئەم مرۆڤانەی لێرەدا لە رێگای تەمەنەوە شوناسی گەنجێتییان وەرگرتووە دەگەینە ئەو راستیەی کە گەنج لە بەهارخوازی خۆیدا دەخوازێت سروشتیانە تا دەمێك زووترە کەشو هەوا گەرم بێتو ساردی نەمێنێت، بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بەفرو سەهۆڵی سەر سنوورە جوگرافیە سیاسیە دەستکردە نامۆڕاڵیەکانی سەردەم ئەوانەی لە رێگای بێئەخلاقییەوە بۆ بێ ئەخلاقیکردنو لە رێگای نا ئینسانیەوە بۆ نائینسانیکردن دروستکران بتوێتەوە، تاوەکو فەزاو ژینگەکەی بۆ پێدا تێپەڕینو کۆچکردن لە بارو گونجاو بێت.

کەواتە گەنج ئەوەی لە بەهار دەوێت ببێتە هۆکارێكو فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ ئاسانکردنی بەرجەستکردنو بە ئەنجام گەیاندنی خواستو ویستەکانی بەوەی فەزاو ژینگەی سروشتی سنوورەکانی بۆ مەبەستی پێدا تێپەڕینو کۆچکردن بەرەو شوێنێکی ترو سەر زەمینێکی تر لە بارو گونجاو بکات ئەم پانتاییو سەر زەمینە جێبهێڵێت.

گەنج دەیەوێت بەهار وەکو فریاد رەسێك بێتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانو هەنگاونان بەرەو کۆتایی هێنانو رزگاربوونی لە بێکۆتا ناخۆشیو تراژیدیا بە زۆر فەرزکراوەکانی ژیانی. بە مەش بەهارخوازی گەنج سەدو هەشتا پلە لەوەی دەسەڵات دوور دەکەوێتەوە، پەلەکردن لە هاتنی بەهار لەلا یەن گەنجەوە جیاوازیەکی ئێجگار گەورەی دەبێتو لینگاو قووچ دێتەوە لەگەڵ ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتەوە ئامادەیە، چونکە دەسەڵات بەهاری بۆ ئەوە دەوێت خەڵکی پەلکێش بکاتە ئاقارو دەشتایەکانی دەرەوەی شارەکان تاوەکو لە دەرەنجامدا ریکلامی ئەوە بکاتو بڵێت ئەها فەرموو سەیرکەن لە ژێر سایەی بەخشندەییو دادوەری مندا وڵات چەند جوانو کۆمەڵگاشی چەندە دڵ گەرمو خۆشگوزەرانو مورتاحن.. تاکەکان چەندە ئازدو سەربەستن لە هەنگاونانو تێکەڵاوبووندا. بەڵام گەنج بەهاری بۆ ئەوە دەوێت تاوەکو فەزاو کەشو هەوای سنوورەکان گەرم بێتو سەهۆڵەکان بتاوێنەوە بۆ ئەوەی کۆچ بکاتو لە دەرەنجامیشدا بڵێت ئەها فەرموو سەیرکەن لە ژێر سایەی نا بەخشندەییو نادادوەری دەسەڵاتدا وڵات چەندە نا جوانو منیش چەندە دڵساردو ناخۆشگوزەرانو نا مورتاحم.. چەندە نا ئازادو نا سەربەستم لە هەنگاوناندو تێکەڵاوبووندا. لێرەوە پێ دەچێت دەسەڵات زۆر رقی لەو جۆرە بەهارخوازیەی گەنج ببێتەوە، چونکە لە رێگایەوە رووە بە زۆر پەردە پۆشکراوەکەی واقیع دەدرێنێتو ئیدیعاو ریکلامەکانی پووچەڵو بەتاڵ دەکاتەوەو (بەدەرەوە) دەڵێت واقیع بەو شێوەیە نییە وەکو ئەوەی دەسەڵات وێنایی کردووەو میدیاکانی خۆی بۆ خستۆتەکار.

ئەگەرچی ئەم جووتە بەهارخوازیە جۆرێك لە سوودمەندی بۆ هەر دووانەی (دەسەڵات،گەنج) تیایە، بەڵام خاڵیش نیە لە خراپەکاریو زیان گەیاندن بە ئەخلاقی مرۆڤ بە گشتیو کۆمەڵگای کوردیش بە تایبەتی، واتا هەرچەندە ئەم بەهار ویستیە خاڵی پۆزەتیڤو ئیجابیاتی بۆ هەردووانەیان تیایە، بەڵام بێ نێگەتیڤو سلبیاتیش نییە، چونکە دەسەڵات لە لای خۆیدا هەوڵدەدات راستیەکان بە دیارنەکەوێتو واقیع بشێوێنێتو بە فۆرمێکیتر نمایشی بکات بۆ ئەوەی دەرەوەو کۆمەڵگای ئێرە بە چاوی میدیاکانیەوە دنیای کوردی ببینن، ئەمەش بۆ خۆی لە ئەخلاقی ئینسانی راستگۆو بەخشندەو دادوەر بە دوورە، چونکە ئیش لە سەر عەتفی بەرامبەر دەکات، ئیش لە سەر بەهەڵە بردنی بینینی چاوەکان دەکات.

پێویستە بڵێین دەسەڵات لەم بەهار خوازیەیدا تائاستێك ئەنانیانەو خۆپەرستانە کار دەکات، چونکە ئەوەندەی مافو بەرژەوەندی تاکلایەنی خۆی دەوێت.. ئەوەندە مافو بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵگا لەبەر چاو ناگرێت، ئەوەندەی سودو قازانجو دەستکەوتی خۆی دەوێت.. ئەوەندە سودو قازانجو دەستکەوتی کۆمەڵگای ناوێت، ئەوەندەی دەخوازێت ماڵو دیوەخانی خۆی گەورەو گەرمو خۆشبێت.. ئەوەندە ناخوازێت ماڵو دیوەخانی خێزانە کانی تری نێو کۆمەڵگا گەورەو گەرمو خۆش بێت.

بۆیە ئەم بەهارخوازیەی دەسەڵات لە کۆتاییدا خەتەرناكو زیانگەیەنەر دەبێت بەسەر کۆمەڵگا، ئەمە لە لایەك کەچی لەلایەکی تردا بەهارخوازی گەنجیش بەشێوەیەك لە شێوەکانی بێ زەرەو زیانو بێ خەتەرناك نییە بۆ کۆمەڵگا، چونکە لە پشتیەوە (بەهۆیەوە) هاوکێشەی جووتەکان (نێرو مێ) دەگۆڕێتو شێوازەکانی تێکدەچێتو یەکسانیەکانی دەشێوێت، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی خەتەرناكو هەڵوەستەپێکارە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆچکردنی هەر تاکێکی (نێر) ئەوا تاکێکی (مێ) بە کۆمەڵێك کێشەی هەم دەروونیو هەم کۆمەڵایەتیش جێ دەمێنێتو لە ئاکامیشدا کۆمەڵگا یەکسانیەکەی نامێنێتو لاسەنگ دەبێتو گرانیەکەی بە لایەکدا دەشکێتەوە، واتا پڕ دەبێت لە (مێ)ی بریندارو خەفەتبارو دڵشاکاوی جێماو.. (لەم بارەیەوە وتارێك بخوێنەوە بە نێوی گەمەی تێکشکاندنی بەهاکان- زیرەك عەبدوڵڵا - رۆژنامەی رێگای کوردستان- ژمارە 466).

بە روویەکی تردا ئەم بەهارخوازییەی گەنج زیانێکی تر بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە لەگەڵ گەیشتنی هەر تاکێك بۆشوێنی دووەم (کۆچ بۆ کراو) ئەوا خێزانو چەند کەسێکی بە ژمارە تەمی نزیكو چواردەوری بە هۆی تەمویلکردنو گواستنەوەی دراوی گرانبەهای ئەوێ لە بەرامبەر ئێرە، ئیدی دەکەونە داسەکناندنو بێدەنگ بون، بەمەش واز لە دەسەڵاتو چۆنیەتی بەڕێوەبردنو چیەتی کارکردەکانی دەهێنن، واتا دەستبەرداری هەموو ئەومافانە دەبن کە دەسەڵات تاکلایەنانەو لە لای خۆیدا دەستی بە سەرداگرتووەو بۆ خۆی پاوانی کردووە، بەمەش دەسەڵات زیاتر سوودمەندە نەوەکو گەنج چونکە بێ چەندوچۆنو لێپرسینەوە زیاتر دەکەوێتە نێو دنیای بەهەدەربردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵگاو خێزانی کەسی کۆچکار، دەبێت ئەوەش بڵێین لێرەدا زیانەکە هەر ئەوە نییە سەروەتو سامانەکان بە هەدەر دەبردرێت، بەڵکو ئەوەش لە پشت کۆچکردنیەوە مەوداو تەمەنی ئەم سیستەمی حوکمکردنەو ئەو جۆرە ژیانکردنەو بەڕێوەبردنە درێژ دەبێتەوە روحی گەورەتر دەبێت کە دەسەڵات خودویستانە دروستکردووەو موتڵەقانە بەڕێوەی دەبات مەبەست لە پشت کۆچکردنی گەنجەوە پشوو هەناسەی دەسەڵاتی عەقڵ چەقبەستووی پیاوخواز درێژترو گەورەتر دەبێتو زیاتر مۆنۆپۆڵی شتو بوەکانی نێو جیهانی کوردی دەکات. بە هەردوو ئەم حاڵەتەش بەشێکی بە ژمارە زۆری هەستە روح لەبەرە جێماوەکان (مێ)ی نێو کۆمەڵگا لە بەردە خەتەری هێرشکردنە سەرو لێدانو ئیهانەو ئەتکردنو سوتانو کوشتندا دەبن، چونکە لە ژێر کارو فرمانو بڕیارو ئەمرو نەهیەکانی نێو ژیانێکی سیستەماتیکیانەی باوکسالاری دەسەڵاتدا بەبێ هێزو تواناو بەبێ پشتو پەنا، بەبێ باوەشو بن باڵ.. ژیان بەسەردەبەن. پێدەچێت گەنج لەو واقیعەی ئێستادا مافی ئەوەی هەبێت داوای بەهار بەو شکڵەو بەو مەبەستە بکات، ئەگەرچی لەسەرێکدا دیکتاتۆرانەو خۆپەرستانە بیر دەکاتەوەو مامەڵە دەکاتو بە تەنیا بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکاتو، تاکی بەرامبەری (مێ) لە نێو دنیایەکی جەنجاڵو داخراوو مەترسیدار بە سەر لێشێواویو غەریبی جێ دەهێڵێت، ئەوا لە سەرێکی تردا مافی خۆیەتی دوای جوانژیانو تێربوونو ئاشتیو ئازادی .. .. تا بکات. کە لەسەر زەمینێکی تردا ئامادەیی هەیەو هەر لەو پێناوەشدا هەنگاو بهاوێتو هێز سەرف بکات.. بەڵام خۆهەڵخەڵەتاندنە دەسەڵات بەم شێوەیە داوای بەهار بکات.

سەیرە دەسەڵات داوای بەهار دەکات لە کاتێکدا هەموو ژیانی لە بێ بەهاری بردۆتە سەرو بچووکترین پێناسیشی بۆ نییەو ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات.. داوای رەنگاورەنگ دەکات لە کاتێکدا جگە لە چەند رەنگێکی وەهمیو دەستکرد هیچ واقیعە رەنگێك لە تەنیشت خۆیدا قبوڵ ناکات.. داوای تێکەڵاوی دەکات لە کاتێکدا جگە لە چەند تێکەڵاوییەکی سەرابیو خەیاڵی تێکەڵاوی واقیعیو جددی پێ هەزم ناکرێت.. داوای سەیرانو خۆشیو تەبابوون دەکات لە کاتێکدا کۆی تەمەنی لە ناتەبابیو لە هێڵکاریو نەخشەکێشانی شەڕو بەیەکدادانو سڕینەوەی بەرامبەرو ماڵوێرانیو بێ سەیرانی تەواو کردووە. داوای دڵگەرمیو خۆشبەختی دەکات لە کاتێکدا بۆتە کارگەی بەرهەمهێنانی دڵساردکردنەوەو ناخۆش بەختی.

بۆ ل11

## بیرو بۆچوون

# کۆمەڵگای مەدەنی وابەستەیە بە هزری مرۆڤەوە

شێخ صدیق

**ماوەیەکی زۆر نییە لەناو ناوەندە رۆشنبیریو سیاسییەکانی لەمەڕ خۆمان کۆمەڵگای مەدەنی بۆتە بابەتێکی بەردەوامی رۆژانەو قسەو باس لەسەر کردن. هەر چەندە کۆمەڵگای کوردی تایبەتمەندیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە وابەستەیە بە هەلومەرجە سیاسییەکەی ئەمڕۆ. ئەمە مانای ئەوە نییە کوردستان ناتوانێ بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی هەنگاو بنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا وابەستەیە بە هزری مرۆڤی کوردەوە بە تایبەتی حزبی دەسەڵات تاکو لە فیکریدا نەبێتە قەناعەتێکی گشتی ناتوانێ ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە قسەی لەسەر دەکات لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری خۆی دیاری بکات.**

**قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی قسەکردنە لەسەر چەندین لایەنی جیاواز کە هەر هەموویان وابەستەن بە خودی ناو کایەی کۆمەڵگای مەدەنییەوە وەك لایەنە جۆر بەجۆرەکانی رامیاریو حقوقیو فەلسەفەی سیاسیو کۆمەڵناسی. هەموو ئەمانە قسەکردن لەسەریان لەم گۆشەیەدا جێگای نابێتەوە.**

**ئەکرێ بڵێین کۆمەڵگای مەدەنی، وتەیەکی مێژوویە بۆ دیاردەیەك کە بوونێکی حەقیقی هەیەو لە زەمەندا گۆڕانی بەسەردا دێت.**

**بەو مانایەی لە یەك راڤەکردنو قۆناغێکی تایبەتیدا شکڵ وەرناگرێ بەڵکو وابەستەیە بە ئاستی ووشیاری پێشکەوتنە ژیارییەکانو پێشکەوتنە فیکرییەکان، هەروەها تاکو ئێستا کۆمەڵێك روئیای جیاوازو خوێندنەوەو تێزی فرە لایەنی لەسەر کراوە.**

**بە دیوەکەی تریدا ناکرێ کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بکەین بە کۆمەڵێك پرنسیپی پێکەوە گرێدراو یان بە یەك فیکرو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوە. ئەکرێ کەڵك لە زۆر لایەنی فیکری جیاواز جیاواز کە دیدو بۆچوونی فرەیان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. ئەکرێ ئێمە کەڵك لە هەموویان وەربگرین.**

**چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گۆڕانی جیاوازو بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە لە هەر زەمەنێکدا ئەگەر راڤەو تەفسیری بەرفراوانی وەرنەگرتبێ بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیاندویانەتە ئاستێکی بەرز ئەگەرچی کۆمەڵگای مەدەنی چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتیو مرۆڤییەکان ناکات هاوکاتی ئەمەش (مارکس) دەڵێ کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی سەردەمی بۆرژوازییە.**

**بە مانایەکی تر ئەکرێ بڵێین کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا زەرورەتێکی مێژوویی خۆی هەیەو دروستبوونی ئەو کۆمەڵگایە لە کوردستانی ئازادکراودا ئەرکی هەموو لایەکە کاری بۆ بکرێت.**